www.kurdistannet.org

# زەکەریاو مەلاکان :شەڕی هونەرو ئیسلام

( بەختیار عزیز )

ئەمە بۆ چەندەمین جار دەچێت کە مەلا کۆنەپەرستەکان لە کوردستان ، ئەو کەللە پوچانەی کە نایانەوێ هیچ شتێك ببینن کە جلوەی جوانی و خۆشەویستی و عەشقی تیا بێت ، هەڕەشەو سوکایەتی بە زەکەریای هونەرمەند و سەدان هەزار کوڕو کچی لاوو هەموو خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان دەکەن .ئەم هەڕەشەو سوکایەتی یە کە ڕاستەخۆ لە بڵندگۆی ئەو مزگەوتانەی کە بۆتە لانەی پەروەردە کردنی تیرۆریستان ، پەخش دەبیتەوەو لە دەزگا ڕاگەیاندنەکانی پارتی و یەکیتیش بڵاو دەبێتەوە .

بەلاَم ئەوەی جێ ی دوو ڕوویی ئەم دەسەلاَتدارانەیە ، ئەوەیە کە ئەم دوو دەسەڵاتدارە قەزمانەی کوردستان هەر دەڵێ ی میشیش میوانیان نی یە لەبەرامبەر ئەم مەلا لۆمپەنانە.هەر لەم ڕوانگەی دیفاع لە کۆنەپەرستی یەشەوەیە کاتێ کە جلال تاڵەبانی سەردانی شارێکی وەك کۆیە دەکات و دەکەوێتە وەسفی ، تەنها باس لە مەلاو شێخ و بەگزادەو ئاغا کۆنەپەرستەکان دەکات و وەك ئەوەی کۆیەو گشت کوردستان مرۆڤی تری تیا نی یە لە چەشنی هونەرمەندی وەك تایەر تۆفیق و سێوەو باکوری و دەیانی تر.

وە وا وەسفی دەکات وەك ئەوەی کۆیە تا ئەمرۆش ئەشکەوتی حەڕڕا و حجازی ١٥٠٠ ساڵ لەمەوبەر بێت .ئاخر ئەگەر ئەمە جگە لە ماستاو نەبێت لەبەر ئیسلامی یەکان و مەلا کۆنەپەرستەکان چی ترە ؟؟ ئی خۆ ئیسلامی یەکانیش دەزانن کە تاڵەبانی وەك مەلاکان دەڵێن تەنها بە هەویە ئیسلامە .چونکە ئەگەر ئیسلامی عەیار ٢٤ بوایە دەبوایە ئیستا دۆستی نزیکی ئوسامەو مەلا عومەر بوایە نەك خورمژ بخوا .

هەڵبەت تا ئەو جێگەیەی دەگەرێتەوە بەو هەڕەشەو سوکایەتی یە کە لەلایەن ئەم کەللە پوچانەوە دەکرێت بە هونەرمەندێکی وەك زەکەریا ، کە بۆتە ڕەمزی داهینانی هونەری نوێ و تورِ هەڵدانی ئەو داب و نەریتە کۆنانەی کە دەست و پی ی هونەرمەندانیشیان گرتوە بۆ داهینان ، وە بێ دەنگە لێکردنی ئەم جەنابانە ئەمە ڕێك بە مانای دووری ئیسلام و ئەم دەسەڵاتدارانەیە لە شارستانیەت و لە هەموو داهینانە مرۆڤایەتی یەکان .وە چاویان هەڵنایە لەبەرامبەر سەرهەڵدان و گەشەو ئاڵوگۆڕی فەرهەنگە نوێ مرۆڤایەتی یەکان .

هەروەها دەبێت سەرانی ئەم حزبانە بە واقعی بزانن کە ممکن نی‌یە تا سەر بتوانن هەم لە ناڵ بدەن هەم لە بزمار ،هەم خۆیان بە مەدەنی و پێشکەوتنخواز لە قەڵەم بدەن و هەم پێیان وابێ کوردستان لەوەتەی هەبووەو هەیە و دەبێت هەر دەبێت جێگەی ئیسلام و مەلا دیناسۆرەکان بێت .

بۆ پاسادانی ئەو قسەیە و دوا ڕۆژی چارەنوس ڕەشی ئیسلامی یەکان و دەسەڵاتی ئەم قەزمانە ئەوە زۆر زەحمەت نی‌یە ئەگەر ڕاگیری یەك بکەن لە کوردستاندا تا بزانن کە مەلا بەشیرو مەلا کرێکار و مەلا علی باپیر ..هتد لەگەڵ زەکەریا لە لای جەماوەری کوردستان کامیان بە ئیعتبار ترن ؟؟ لە زۆر شوێنی جهان دەنگ دان بۆ شتی زۆر سادە دەکرێت دەبا زەحمەت نەبێت ئەوانیش بەختی خۆیان تاقی بکەنەوە تا بزانن چۆن ڕیزی سندوقی مەلاکان بەتاڵ و حەتاڵ دەبێت و ڕیزی زەکەریاش چۆن شەپۆڵ دەدات لە خەڵکی پێشکەوتنخواز . بەفعلی هەرئێستا خەڵکی کوردستان بەگەنج و لاو ومناڵ وپیرەوە زەکەریایان زۆر لا موعتەبەرترە لە هەموو مەلاکان .

هەلبەت ئەم ئیعتبارەی زەکەریا لای خەڵك زۆر ئارەزوو مەندانەو بە بی ترس و بی ڕەچاو کردنی هیچ بەرژەوەندی یەکە ، تەنهاو تەنها لە پێناوی دەنگ و ئاوازی پڕ جۆش و خڕۆشی ئەوە . نەك هەر لە ترسا و لە برسا نی یە بەڵکو بە پیچەوانەشەوە لەم هەل و مەرجە سەختەی کوردستاندا خەڵك هەیە بە زەحمەت ژیان دەگوزەرینێ بەڵام ئامادەیە ڕۆژێ کرێ و موچەکەی بدات بە بلیتێك تا گوێی لە گۆرانی یەکانی بێت و کەمێك خەمی خۆی بڕەوێنێتەوە .

بەڵام بە پێچەوانەوە ئەوەی کە خەڵك ڕوودەکاتە مزگەوتەکان بە تایبەتی ڕۆژی هەینی ، هەمووی لە ترسی ئیسلام و ئیسلامی یەکانە بە قەولی ئیسلامی یەکان یانی ترس خوا .

یانی ئەسڵی مەسەلەکە هەر ترسەکەیە . ئیتر لە ترسی خورافەی ئاگرو سزادان بێت کە لە منالی یەوە ئەم ترسە خراوەتە مێشکیانەوە یاخود هەڵدەخەڵەتێنرێن ، یاخود بە هیوای ئەوە بێت کە لەو دونیا بە ژیانێکی خۆشتر شاد بیت و بگات بەو جۆگەلە شیرو هەنگوین و حۆری و خورافاتانەی تر . یاخود بەهۆی ئەو فەزایەوەیە کە لە لایەن ئەم ئیسلامیانەو حزبە دەسەڵاتدارەکانە خولقاوە .وە

www.kurdistannet.org

خەڵك ناچارن ڕوو بكەنە مزگەوتەكان .بەڵام بە دڵنیایی یەوە هەر كە ئەو خەڵكە لە مزگەوتەكان سەریان هینایە دەرەوە و ڕوویان كردەوە بازارو شوینی كارو ژیان ئەوە بۆ خۆی ناوەرۆكی هەموو ئەو خورافەیە دەردەخات كە مەلا كۆنەپەرستەكان بەهۆی دینەكەیانەوە دەیخەنە مێشكی خەڵكەوە .

هەر مرۆڤیك بە گۆشت و ئێسكەوە لە دەرەوەی مزگەوتەكان بۆی دەردەكەوێت كە ژیانی ئاسایی و ڕۆژانەی خۆی پۆچەڵی هەموو ئەو بیرورا دینی یانە دەردەخات .بۆیە لەو باوەرەدام ئەگەر ڕۆژێك لەبەردەم مزگەوتێك بوەستی و بڵێی ئەمرۆ نابێت كەس ڕووبكاتە مزگەوت ، یاخود پارەیان پی بدەی تا هاتوچۆی مزگەوت نەكەن ، ئەوە بە دڵینایی یەوە ڕێژەی ئەوانەی رووی تیٚ دەكەن لە ٪۹۰ كەم دەبێتەوە.ڕاستی نامۆ بونی بیروباوەرە ئاینی یەكان بۆ مرۆڤ هەر لە ووتارە ئاینی یەكانی خودی هەموو مەلاكان دیارە وە رۆژانە هەر ئەمە بە خەڵكی دەڵێن كە خەڵكینە ئێوە هەر بە هەویەو بە قسە ئیسلامن نەك بە كردەوە.

بۆیە هەركە لە مزگەوت دەچنە دەرەوە خواتان لەبیر نامنێنیٚ .بەراستی ئەم قسەیە بە تەواوی واقعیە ، چونكە مەلاكان لە هەموو كەس باشتر دەزانن ئەم دینە بەزۆر هەم بەسەر خۆیان و هەم بەسەر خەڵكیشدا فەرز كراوە .بەڵام بەهۆی ئەوەی هەمو مەلاكان و ئاغاكان و بەگزادەكان و دەسەڵاتداران بەرژەوەندی یان لە مانەوەی ئەم دینەدایە بۆیە وەك چاویان دەپیارێزن . ئەگەر دەسەڵاتداران نەبوایە زۆر دەمێك بوو دین تۆزی بەبادا چو بوو .

بەڵام ئەوەی كە ماوەتەوە نەك لەبەر راست و رەوا بوو\ن بێت .نەخیر .بەلكو بەهۆی ترس و تۆقاندن و كوشت و بڕەوەیە لە لایەن هەموو ئەو هیزانەی بەهەر ڕادەیەك قازانجیان لە مانەوەی دیندا بێت .جا بۆیە هەتا كۆمەڵگە پێشكەویٚ و هەموو شتێكی نوی لە پەرەسەندن دابێت لەوانە هونەرەكەی زەكەریاش ، مەلاكان و دەسەڵاتدارەكانیش هەتا دەتوانن دژایەتی دەكەن .

بەڵام هاوكات ئەمانە خۆریان ڕوو لە ئاوا بوون دەبێت چونكە هەموو داهێنانێكی نوی بێرێكی نۆی ی لە پشتەوەیە و هەموو بیرێكی نۆێش دژی دینە .وە هەموو داهێنان و بیرێكی نویٚ وەك دەرمانێكی گرینگ وایە بۆ نەخۆش و چارەسەری نەخۆشی یەكە. هەڵبەت دین و مەلاكانیش وەك ڤایرۆس و گەنە وان لەسەر جەستەی مرۆڤ پێویستیان بەوە یە كە كۆمەڵگە هەمیشە نەخۆش بێت تا وەك ڤایرۆس وگەنە هەمیشە زیندوو بمێننەوە .

ئەمڕۆ ئەم حوكمە كە من لیرەدا دەری دەبڕم بەرامبەر بە مەلاكان و دینەكەیان و دەسەڵاتەكەیان لەوەیە لای خەڵكانێك كە دەم لە ئازادیخوازی و مەدەنیەت دەكوتن كەمێك سەخت یان بە مانایەكی تر بە تەتەڕوف بێتە بەرچاو .بەڵام با ڕۆژێك كۆمەڵگا لەم ڤایرۆس و گەنانە ڕزگاری بێت ئەو كات زیانی دین زۆر باش بۆ گشت كۆمەڵگە دەردەكەوێت ، هەروەك چۆن نەخۆشێك كە لە نەخۆشی یەك رزگاری دەبێت هەست بە تەندروستی دەكات ،ئەوكات دەزانیٚ ئەو نەخۆشی یە چ كاریگەری یەكی سەلبی هەبووە لەسەر جەستەی .

بیٚ حكمەت نی یە كە ماركس ۱۵۰ سالٚ لەمەوبەر بە دینی ووتوە تلیاكی خەڵك و ئەمەی كردوە بە دروشمێك بۆ خەبات لە دژی دین .بە یەقینەوە دەڵێم ماركس ئەم ووتە بەناوبانگەی سەرپێی نەوتوە وەك هەندیٚ زڕە ماركسیست ئیدعای دەكەن .

بۆیە ئەمرۆ ئەگەر ماركس بمایایە و ئەو هەموو كوشت وبڕەی بدیایە ، تەنها لە جەزائر لە لایەن ئیسلامی یەكانەوە و دوو ڕووی حكومەتە ئیسلامی یەكەی جەزائریشی بدیایەكە دەورانیك خۆی لێی ژیاوە ، ئەوە نەك هەر بە تلیاك بەڵكو بە ڤایرۆسی ئیدز و بە تاوان و هەموو شتێكی خراپ و زیان بەخش و قیزەونی دەشوبهاند .

بەڵیٚ بۆیە ئەمرۆ ئەم شەڕەی ئەم مەلایانە لەگەڵ زەكەریای دەكەن فعلەن شەڕی هونەرو ئیسلامە.شەڕی هونەر ، بەڵام جۆرو تەرزێك لە هونەر كە خەریكی داهێنانی شێوە هونەری ڕۆژاوئاو ئینسانی یە .ئەو هونەرەی كە پەیامێك دەدات بە خەڵك و دەڵیٚ هونەر پێویستە ئەو چوارچیوەو سنورو نەریتە كۆنانە بپسێنیٚ و ئاویزانی دەریای هونەری جهانی بێت . وە هەر لەم ڕوانگەیەشەوەیە كە ئەم مەلایانە دێن ئەم شەڕە لەگەڵ زەكەریا دەكەن .بیهێنینە بەرچاومان ئەگەر هەر ئەمرۆ زەكەریا لە گۆرانی یەكانیا هیرشی نەكردۆتە سەر ئیسلام بەلام ئەم مەلایانە ئاوا دەكەن ئەگەر گۆرانی یەكان هیرش بن بۆ سەر ئیسلام ئاخۆ چ مەزبەحەیەك بەریٚ دەخەن .

بۆیە بەرای من ئەمە سەرەتای شەری هونەرە لەگەڵ ئیسلام .وە ئەمەش لە نێوان زەكەریاو مەلا بشیر و مەلا علی باپیری كۆنەپەرست بەرجەستە بۆتەوە.

www.kurdistannet.org

بۆیە پێویستە لەسەر  زەکەریا وەك هونەرمەندێك  لە ڕووی سیاسی یەوە باشتر درك بەم شەڕو كێشەیە بكات و خۆی بۆ ئامادە بكات و یەك لەحەزە سڵ نەكاتەوەو خۆی بە تەنها نەبینێ . هاوكات هونەرمەندانی تری هەموو كەسانی پێشكەوتنخوازناڕەزایەتی دەربڕن.

دیارە خاڵێكی گرینگ لەم شەڕەدا بەرەو ڕوبوونەوەیە لەگەڵ سەرانی ئەم حزبانە و پێیان بڵێین ، باشە ئێوەی دەسەڵاتدار ڕۆژانە كە باس لە فەرهەنگ و مەدەنیەت و چی و چی دەكەن چۆنە وا خۆتان بێ دەنگ دەكەن لە بانگەوازی تیرۆرو كوشتن و سوكایەتی ئەم مەلایانە ؟. چۆنە ڕایان ناكێشنە دادگاو ئەم بانگەوازەیان لە قورگدا ناخنكێنن ؟؟چۆن ڕێگە دەدەن بە ئاشكرا ئەم جانەوەرانە بانگەوازی كوشتن و سوكایەتی پی كردنی خەڵكی بن ؟؟ .

خۆ لە زۆر وولاتی ئەوروپی كە ڕەنگە زەكەریاو زۆر لە هونەرمەندانی تری لێ بژێ هەركەسێك ئاوا نەك هەڕەشە بەڵكو بچوكترین تۆمەت و سوكایەتی بە كەسێكی تر بكات دادگا حوكمی زۆر سەختی بەسەردا دەدات. ئەی چۆنە ئەم دەسەلاتدارانەی كوردستان فزەیان لێوە نایەت ؟؟.بۆیە پێوستە لەسەر زەكەریا و هەموو هونەرمەندانی تر هەستن بەم كارە و هەم ڕیشی ئەم جانەوەرانەی ئیسلام بگرن و هەم ڕیشی تاڵەبانی و بارزانی بگرن و پێیان بڵێن ئەوە ئەو مەلایانە لە پاڵ دەستی ئێوەو بە پارەی ئێوە لە بڵندگۆی مزگەوتەكانی ئێوەوەو لە پاڵ یاساو دەسەلاتە بەناو  مەدەنی یەكانی ئیوەوە فەتوا لە دژی هونەرمەندان دەردەكەن.

لەكۆتایی‌دا ئەوە بڵێم كە هونەر خۆی لەخۆی دا پەیامێكی پیرۆز و مەزنە بۆ سەعادەتی مرۆڤ . بۆیە پێویستە لەسەر هەمو هونەرمەندێك كە لەوە تێبگات كە ئەم پەیامەش پیرۆزەش بەوەوە بەندە كە ئەم هونەرو هونەرمەندە چەندە دەتوانێ دڕ بە كۆنەپەرستی بدات و خشتێك لەسەر بینای ئەو دونیایە دابنێ كە مرۆڤ تیایدا سەعادەت تیا بەدی دەكات . ئاینیش ڕێك بە پێچەوانەی هونەرەوە بووە و خۆی لە خۆی دا دژی هونەر وپەیامەكەیەتی. بۆیە دەبێت پێش هەر كەسێك هەنەرمەند دژی ئایین بێت .

لە واقعدا ئەمەش تایبەتمەندی هەموو كەڵە هونەرمەنە جهانی‌یەكان بووە و هەمیشە یاخی بونە لە و جهانەی كە دین ویستویێتی بسەپینێ بەسەر مرۆڤی هونەرمەندا .

-٦-٢٠٠٢